# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٤١) ساڵی نۆزدەم ١٥/تشرینی یەکەم/٢٠١٩/زایینی ٢٣/رەزبەر/٢٧١٩/کوردی ١٦/سەفەر /١٤٤١ کۆچی

241

## لەم ژمارەیەدا :

**بڕیاری ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١٩ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ١
پەسەندکردنی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی دەفتەرگرتنی بازرگانی بۆ مەبەستەکانی باجی دەرامەت

**پەیڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ٢
پێڕەوی هەمواری یەکەمی پێڕەوی تیانووسگرتنی بازرگانی بۆ مەبەستەکانی باجی دەرامەت ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٨٥ لە هەرێمی کوردستان

**رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ٤
هەموارکردنی رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ تایبەت بە مۆڵەتی سزادراوان لە فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان

**رێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی** ل ٥
مەرج و رێنماییەکانی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٥
هەمواری سێیەمی رێنمایی مۆڵەتی هەڵگرتن و هەبوونی چەک

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ل ٢٥
درێژکردنەوەی بڕیاری ژمارە(٦١١)ی تایبەت بەڕاست کردنەوەی هەڵەکانی تەسویە

**بەیانی ژمارە (٢٩-٣٠-٣١-٣٢-٣٣)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی تەندروستی** ل ٢٦

ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.
☎: (٢٢٤٥٠٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٠٠٧-٢٢٤٥٠١٤)
http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٤١) السنة التاسع عشر ١٥/تشرين الأول/ ٢٠١٩ ميلادي ٢٣/رەزبەر/ ٢٧١٩/كوردي ١٦/صفر/١٤٤١ هجري

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice


**241**

**في هذا العدد:**


**نظام رقم (١) لسنة ٢٠١٩ رئاسه مجلس الوزراء** ص ٢٧

نظام التعديل الأول لنظام مسك الدفاتر التجارية لأغراض ضريبة الدخل رقم (٢) لسنة ١٩٨٥ في إقليم كوردستان – العراق


**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**


**قرار رقم (٢٢) لسنة ٢٠١٩ رئاسة مجلس الوزراء** ص ١

**تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠١٩ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** ص ٤

**تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠١٩ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي** ص ٥

**بيان رقم (٧) لسنة ٢٠١٩ وزارة الداخلية** ص ٢٥

**بيان رقم (١) لسنة ٢٠١٩ وزارة الزارعة و الموارد المائية** ص ٢٥

**بيان رقم (٢٩-٣٠-٣١-٣٢-٣٣) لسنة ٢٠١٩ وزارة الصحة** ص ٢٦



**No. 241 Date : October , 14 , 2019 Vol.: 19**

چاپخانەی شەهاب هەولێر



**العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل**

☎ :(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ٧٣٠٦ لە ٢٠١٩/١٠/٧**

**بڕیار**
**ژمارە(٢٢)ی ساڵی ٢٠١٩**

پشت بەست بە ئەحکامی ماددەی(هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو , و پشت بەست بە ئەحکامی ماددەی(شەستەم) لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموارکراو ، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی دارایی و ئابووری ، ولەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦) لە ٢٠١٩/٩/١١ ، بڕیار درابە :-

١- پەسەندکردنی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی دەفتەرگرتنی بازرگانی بۆ مەبەستەکانی باجی دەرامەت (نظام مسك الدفاتر التجارية لأغراض ضريبة الدخل ) ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٨٥.

٢- وەزارەت وکەس لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) ەوە .

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ٧٣٤١ لە ٢٠١٩/١٠/٨**

پشت بەست بە ئەحکامی ماددەی (شەستەم) لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموارکراو، و بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی دارایی و ئابووری، و ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٢) لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (٦) لە ١١ی ئەیلولی ٢٠١٩، ئەم پێڕەوە دەرکرا:

**پێڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩**

**پێڕەوی هەمواری یەکەمی پێڕەوی تیانووسگرتنی بازرگانی بۆ مەبەستەکانی باجی دەرامەت ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٨٥ لە هەرێمی کوردستان-عێراق**

**ماددەی (١):**

هەڵوەشاندنەوەی دەقی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٢) لە پێڕەوی تیانووسگرتنی بازرگانی بۆ مەبەستەکانی باجی دەرامەت ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٨٥، و ئەمەی خوارەوە شوێنی دەگرێتەوە:

**یەکەم:** پێسپێردراوەکان پابەند دەکرێن بە پێشکەشکردنی ئەژمێرەکانیان بۆ دەسەڵاتی دارایی بە زمانی عەرەبی یان کوردی.

**دووەم:** دەسەڵاتی دارایی بۆی هەیە پێسپێردراو پابەند بکات بە پێشکەشکردنی هەر دەفتەرێك یان بەڵگەنامەیەك بە زمانی بێگانە و وەرگێڕدراو بۆ زمانی عەرەبی یان کوردی، بە مەرجێك لایەنێکی مۆڵەتپێدراو و باوەڕپێکراو بە یاسا وەرگێڕانەکەی ئەنجام دابێت.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** هەڵوەشاندنەوەی دەقی بڕگە لاوەکییەکانی (أ) و (ب) و (ج) و (د) و (هـ) لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٧)ی پەیڕەوەکە، و ئەمەی خوارەوە شوێنی دەگرێتەوە:

أ. ئەو کۆمپانیایانەی لە ماددەی (٦)ی یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراودا هاتوون کە سەرمایەکانیان کەمتر نییە لە (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار.

ب. لق و نووسینگەی ئەو کۆمپانیا و دامەزراوە ئابوورییە بیانییانەی لە ماددەی (٢١١)ی یاسای کۆمپانیاکاندا هاتوون.

ج. کۆمپانیای سادە هاتوو لە ماددەی (١٨١)ی یاسای کۆمپانیاکان و هەر هاوبەشییەکی دیکە هەر جۆرێك بێت ئەگەر سەرمایەی هەریەکیان لە (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار و زیاتر پێکهاتبێت.

د. ئەو کەسانەی کە لە ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی تۆمارکراون، و بەم شێوەیە:

١- بازرگانانی پۆلێنی یەکەم و دووەم.

٢- ئەو پیشەسازکارانەی کە تێچووی پڕۆژە پیشەسازییەکانیان کەمتر نییە لە (٦,٠٠٠,٠٠٠) شەش ملیۆن دینار.

هـ. ئەو هاوردەکارەی کە ساڵانە هاوردەکانی کەمتر نییە لە (١٥٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد و پەنجا ملیۆن دینـار، و ئەو هەناردەکارەی کە ساڵانە هەناردەکانی کەمتر نییە لە (١٥٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد و پەنجا ملیۆن دینار.

**دووەم:** هەڵوەشـاندنەوەی دەقـی بـڕگە لاوەکییەکـانی (أ) و (ب) و (ج) و (د) و (هــ) و (ح) لە بـڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٧)ی پەیڕەوەکە، و ئەمەی خوارەوە شوێنی دەگرێتەوە:

أ. کۆمپانیـای سـادە هـاتوو لە مـاددەی (١٨١)ی یاسـای کۆمپانیاکـان و هەر هاوبەشـییەکی دیـکە هەر جۆرێك بێت ئەگەر سەرمایەکەی لە (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار کەمتر بێت.

ب. ئەو کەسانەی لە پۆلێنی سێیەم و پۆلینەکانی دواتریـدا کە لە ژوورەکـانی بازرگانی و پیشەسـازی تۆمارکراون و سەرمایەیان لە (٦,٠٠٠,٠٠٠) شەش ملیۆن دینار کەمترە.

ج.ئەو پیشەسازکارانەی کەتێچووی پڕۆژە پیشەسازییەکانیان کەمترە لە(٦,٠٠٠,٠٠٠)شەش ملیۆن دینار

د. ئەو هاوردەکارانەی کە ساڵانە هاوردەکانیان کەمترە لە (١٥٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد و پەنجـا ملیـۆن دینـار، و ئەو هەناردەکارانەی کە ساڵانە هەناردەکانیان کەمترە لە (١٥٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد و پەنجا ملیۆن دینار.

هـ.قــۆنتەراتچی و بەڵێنــدەری پــۆلێن نەکـراو لەلایەن وەزارەتــی پلانــدانان ئەگەر کــۆی بــڕی قۆنتەراتەکانی و بەڵێندەرایەتی کەئیحالەی کراوە زیاتر بوو لە(١٥٠,٠٠٠,٠٠٠)سەد و پەنجا ملیۆن دینار

ح. بریکارانی کەرتی گشتی ئەوانەی فرۆشیان ساڵانە دەگاتە (١٥٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد و پەنجا ملیۆن دینـار و زیاتر، ئەگەر ئەو فرۆشییانە لە کەرتی گشتی یان تێکەڵاو یان تایبەتی بێت.

ل. ئەو کۆمپانیایانەی لە ماددەی (٦)ی یاسای کۆمپانیاکـان ژمـارە (٢١)ی سـاڵی ١٩٩٧ی هەمـوارکراو و بەرکار لە هەرێمدا هاتوون کە سەرمایەکانیان کەمتر نییە لە (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار.

م. ئەو کۆمپانیایانەی لە بڕگەی (أ)ی ماددەی (٢)ی سەرەوەدا هاتوون و ساڵانە هیچ داهاتێکیان نییە.

**ماددەی (٣):**

وەزیری دارایی و ئـابووری دەتوانێـت ڕێنمـایی پێویسـت بـۆ ئاسـانکاری جێبەجێکردنـی ئەم پێـڕەوە دەربکات.

**ماددەی (٤):**

کار بەم پێـڕەوە دەکرێ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**مـەسرور بـارزانـی**
**سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

بۆ قەدەغەکردنی خۆدزینەوە لە بـاج و دووبـارە ڕێکخسـتنەوەی بـودجەی کۆمپانیاکـان، و لە پێنـاوی چەسپاندنی دادگەری و هاوسەنگی لە کاری بازرگانی، ئەم پێـڕەوە دەرچووێندرا.

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ٤٣٦٤ لە ٢٠١٩/٩/٣٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی چل وهەشت لەسیستەمی چاکسازی کۆمەڵایەتی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠٠٨ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد :-

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩**
**هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ تایبەت بە مۆڵەتی سزادراوان لە فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان _ عێراق**

١- هەموار کردنی خاڵی (٥) لە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

دانانی دوو کەفیل ( دەستەبەر )ی کەسی پەسەندکراو بێت لە لایەن فەرمانگەی دادنووسی بەمەرجێك کەفیلیکیان لە کەسانی زۆر نزیکی سزادراو بن هەتا پلە (٣) خزمایەتی و ئەوی تریان هاونیشتەجێی شار یان شارۆچکەی سزادراو بێت ، وە دانانی بارمتەی دارایی کە بریتی دەبێت لە پارەی کاش لە بانك بەناوی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئەو شارەی ب.چاکسازی لێیە کە لە بڕی (٥) پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت وە لە بڕی (٢٥) بیست و پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت ، وە نیشانەی گلدانەوەی ( حجز ) بخریتە سەر مولکێکی نەگوازراوە کە نرخەکەی لە (٥٠) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت ، وە گەڕانەوەی بارمتەکە تەنها بە واژووی بەڕێوەبەر دەبێت.

٢- هەموار کردنی خاڵی (٨) لە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ ، و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

هەر سزادراوێك کە دەست ڕەنگین بوو وە سوودی بە چاکسازی گەیاند ، وەیان لەکاتی درێژەدان بەخوێندن لەناو چاکسازی ، بە پلەی زۆر باش قۆناغەکانی خوێندنی بڕی ، بەڕێوەبەری گشتی بۆی هەیە لەسەر پێشنیاری لیژنەی هونەری و ڕەزامەندی بەڕێوەبەر ، مۆڵەت بداتە ئەو سزادراوانە بەهەمان مەرج و ڕێککاری ئاماژەپیکراو لە خالەکانی سەرەوە ، و لە ساڵێکدا تەنها یەك جار .

٣- ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە: ١٣٣٢٧ لە ٢٠١٩/٩/٥**

## ڕێنمایی ژمارە (٤) بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠

## مەرج و ڕێنماییەكانی وەرگرتن لە زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكانی هەرێمی كوردستان

**پلان و ئامانج و دیدی وەزارەت:**

لەژێر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣)یاسای زانكۆ تایبەتەكانی هەرێمی كوردستان و بەمەبەستی ڕێكخستنەوەو چەسپاندنی دادپەروەری و شەفافیەت لە پرۆسەی وەرگرتن و دڵنیابوونەوە لە ئاستی زانستی لە زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكانی هەرێمی كوردستان، مەرج و ڕێنماییەكانی تایبەت بە وەرگرتن لە زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩ - ٢٠٢٠) پلانی وەزارەتمان دەبێت لە ڕووی پێوەرەكان، كە لەهەمان كاتدا ئامانج تێیدا پاراستنی مافی قوتابی/خوێندكارانە لە بەدەستهێنانی هەلی خوێندن لە زانكۆو پەیمانگە تایبەتەكانی هەرێمی كوردستان و بەدیهێنانی هاوسەنگی لە وەرگرتن لە نێوان دەرچووان و بازاری كار بە جەختكردنەوە لە پاراستنی كوالیتی خوێندن و جێبەجێكردنی بنەماكانی دڵنیایی جۆری و هاندانی زانكۆ وپەیمانگە تایبەتەكانە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی وەرگرتن و ڕایی كردنی كارەكانی تۆمارەكانیان بەشێوەیەكی ڕێكوپێك كە خزمەت بە قوتابیان/خوێندكاران و پرۆسەی خوێندن بكات.

**یەكەم: مافی وەرگرتن و پێشكەشكردن**

١- هەر قوتابیەك/خوێندكارێك كە فۆرمی وەرگرتن پێشكەش دەكات مەرج نییە وەربگیرێت، چونكە وەرگرتن بەپێی چەند پێوەرێكی تایبەت و لەسەر بنەمای كێبڕكێی كۆنمرە لەگەڵ قوتابیان/خوێندكارانی تردا دەبێت.

٢- وەرگرتن لە بەشەكان بە شێوازی سیستەمی ئۆنلاین و كریدت دەبێت، بۆیە قوتابی/خوێندكار مافی وەرگرتنی هەیە تەنها لە یەك بەش لە زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكانی هەرێمی كوردستان.

٣- قوتابی/خوێندكار مافی نییە لە هەمان كاتدا لە زانكۆیەكی حكومی و زانكۆیەكی تایبەت بخوێنێت، ئەگەر لە هەردووكیان وەرگیرا بوو، ئەوا پێویستە لە (١٠) ڕۆژی یەكەمی دوای ڕاگەیاندنی ناوەكان بڕیاری خۆی بدات و داوای كێشانەوەی دۆسییە و سڕینەوەی ناو لە زانكۆی حكومی یان لە زانكۆ تایبەتەكە بكات، بەپێچەوانەوە لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ دەكرێت.

٤- قوتابی/خوێندكار مافی هەیە لە كاتی پێشكەشكردن، (٣) هەڵبژاردە (اختیار) پڕبكاتەوە لە بەشەكانی زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان، ڕیزبەندی و هەڵبژاردەكان (اختیارات) بەپێی بڕیار و ئارەزووی خوێندكار/ قوتابی دەبێت. ئەمە پێوەرێكی گرنگ و سەرەكییە لە دیاریكردنی شوێنی وەرگرتن. پێویستە لەسەر قوتابی/خوێندكار ڕەچاوی مەرجە گشتی و تایبەتییەكانی وەرگرتن بكات و تەنها ئەو خوێندن و بەشانە هەڵبژێرێت كە لەگەڵ ئارەزووی خۆی و لقی خوێندنی ئامادەییەكەی و كۆنمرەكەی دەگونجێت، بۆیە بیانووی بە هەڵە پڕكردنەوەی نامێنی.

**دووەم: مەرجە گشتییەکانی وەرگرتن** ئەو قوتابی/خوێندکارەی لەزانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان وەردەگیرێت، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:

١- دەرچووی ئامادەییەکان (زانستی و وێژەیی و بازرگانی و پیشەییەکان)ی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان یان حکومەتی عێراقی فیدراڵ بێت و بڕوانامەکەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاکەیەوە پەسەند کرابێت.

٢- دەرچووی پەیمانگە پێنج ساڵییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە یـان پەیمـانگە دوو سـاڵییەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە بەشە هاوشێوەکانی خۆیان وەردەگیرێت

٣- دەرچووانی دەرەوەی وولات بە مەرجێک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە یەکسانکردنی بڕوانامەی ئەنجامدابێت.

٤- لە پشکنینی پزیشکی دەرچووبێت، بەپێی ئەو مەرجە تایبەتییانەی بۆ هەر خوێندنێک دیاریکراوە.

٥- دەرچووانی ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩) بە دەرچووی ئەمساڵ ئەژمار دەکرێن، وە دەرچووانی گشت ساڵەکانی پێشووی خوێندن بە دەرچووانی ساڵانی ڕابردوو ئەژمار دەکرێـت.

٦- هیچ نمرەی بەخشراو بەدەرچووانی (ئەمساڵ و ساڵانی ڕابردوو) نادرێت.

٧- پێویستە تەمەنی قوتابی/خوێندکاری پێشکەشکار بۆ هەردوو کۆلیژی پزیشکی و ئەندازیارییەکان لە (٣٥) ساڵ زیاتر نەبێت.

**سێیەم: مەرجی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان**

١- کۆنمرەی وەرگرتن بۆ سەرجەم پەروەردەکانی هەرێم وەکو یەك دەبێت ماف و جیاوک ( أمتیاز ) بەهیچ پەروەردەیەك نادرێت بە بیانووی هێنانی کەمی کۆنمرە بۆ قوتابییانی/خوێندکارانی سنووری پارێزگاکان.

٢- خوێندن لەسەرجەم بەشەکانی زانکۆکان و کۆلێژە زانکۆیەکان و پەیمانگەکان بەیانیان دەبێت لە هەموو بەشەکانی زانستی و زانستە مرۆییەکان.

٣- ئاماژە بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (ن/٤٦٠) لە (٢٠١٧/٣/٢٩) ئەژمارکردنی نمرەی هەردوو وانەی زمانەکانی کوردی و عەرەبی بۆ وەرگرتن لە کۆلیژ و بەشەکانی (کۆمەڵەی پزیشکی و ئەندازیاری و زانست) بەشێوەی ئارەزوومەندانە (إختیاری) دەبێت.

٤- ڕێژەی قوتابی/ خوێندکار بۆ هەر مامۆستایەك لە بەشە زانستییەکان و زانستە مرۆییەکان بەپێی ڕێنمایی ژمارەی (٣)ی ساڵی (٢٠١٦) هەموار کراو دەبێت.

٥- پێش پێشکەش کردنی داواکاری وەرگرتن لەلایەن قوتابیان/خوێندکاران، دەبێت ئاشنا بکرێن بە مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتمان.

٦- زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان لەدوای پەسەندكردنی پلانی وەرگرتن لەلایەن وەزارەتەوە دەتوانن دەست بەڕاگەیاندنی ناوی وەرگیراوان بكەن، بەمەرجێك (٣) ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی ناوی قوتابیان/خوێندكاران بێت لە ناوەندی وەرگرتن (Zanko Line) بۆ زانكۆ حكومییەكان.

٧- پەسەندكردنی پلانی وەرگرتنی زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان بەندە بە جێبەجكردنی گشت پێوەر و ڕێنماییەكانی دڵنیایی جۆری.

٨- قوتابی/خوێندكاری پێشكەشكار لە زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكانی هەرێمی كوردستان تادەرچوونی ڕەزامەندی وەرگرتن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و فەرمانی زانكۆیی (فەرمانی كارگێری) وەرگرتنی بۆ دەرنەچێت بە قوتابی/خوێندكاری وەرگیراو ئەژمار ناكرێت.

٩- هەر هەڵەیەك یان ساختەیەك لە فۆڕمی وەرگرتن و بڕوانامەی پاڵێوراوان و دۆكیومێنتەكانیان هەبێت یاخود وەرگرتنەكەی بەدەربێت لە ڕێنماییەكانی زانكۆ، وە خودی قوتابی/ خوێندكار بەرپرسە و ناوی لە لیستی وەرگیراوان دەكرێتە دەرەوە بەبێ قەرەبوو كردن. لە هەر قۆناغێكی خوێندن بێت دادەبڕێت وە ئەگەر خوێندنیشی تەواو كردبێت ئەوا بڕوانامەكەی لێوەردەگیرێتەوە و لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵدا دەكرێت.

١٠- قوتابی/خوێندكار پاش دەرچوونی ناوی پێویستە لە ماوەی سێ ڕۆژ ناوی خۆی تۆمار بكات وگرێبەست واژوو بكات بە پێچەوانەوە زانكۆ یان پەیمانگە بۆی هەیە ناوی بسرێتەوە وە قوتابی/خوێندكاری یەدەگ ئەوانەی پێوەری وەرگرتنیان بەپێی ڕیزبەندی كۆنمرەی تێدایە وە بەدادپەروەری دەخرێتە شوێنیان.

١١- دوای وەرگرتنی قوتابی/خوێندكار لە زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكانی هەرێمی كوردستان پێویستە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ دا بڕوانامەی ڕەسەن پێشكەش بكات.

١٢- هەر هەڵەیەك لە ڕیزبەندی لیستی وەرگیراوانی زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان هەبێت یان هەر كەسێك بە نادادپەروەری لە لیستی وەرگیراوان دانرابێت ئەوا ناوی لە لیستی وەرگیراوان دەخرێتە دەرەوە و یەكێك لە قوتابی/خوێندكارە یەدەگەكان بەپێی زنجیرەی شایستەبوونی كۆنمرەی دەخرێتە شوێنی دوای رەزامەندی وەزارەت.

١٣- بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی و ڕەچاوكردنی دڵنیایی جۆری لە پرۆسەی خوێندن،هەر زانكۆیەك دەتوانێ ڕێژەی دانراو لە كۆنمرەكان بەرز بكاتەوە لەو كۆنمرانەی لەلایەن وەزارەت بۆ مەرجی وەرگرتن دانراوە.

١٤- خوێندن لە زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان لە ڕووی دەوام و تاقیكردنەوە بە كردارەكی دەبێت و بە ئەندامبوون لە دوورەوە یان بە كراوەیی نابێت، وە تاقیكردنەوەی لەسەر (١٠٠%) ڕێگا پێنەدراوە جگە لە قۆناغی كۆتایی خوێندنی نەبێت و یەك وانەبێت.

١٥- ماوەی خوێندن لە زانكۆ تایبەتەكان (٤) ساڵە، دەرچووان لێیان بڕوانامەی زانكۆیی بەرایی (بەكالۆریۆس) لە بواری پسپۆڕییەكەی پێدەبەخشرێت و لەگەڵ ڕەچاوكردنی ماوەی خوێندن لە پسپۆڕییە پزیشكی و ئەندازەییەكان و یاسا، وە ڕەچاوكردنی ئەو زانكۆیانەی كە پەیرەوی سیستەمی (Credit) یان بۆلۆنیا پرۆسێس دەكەن.

١٦- ماوەی خوێندن لە پەیمانگە تایبەتەکان (٢) ساڵە، دەرچووان لێیان بڕوانامەی (دبلۆم)ی لە بواری پسپۆڕییەکەی پێدەبەخشرێت.

١٧- مەرج و ڕێنمایی وەرگرتنی قوتابی/ خوێندکار لە لقی زانکۆ نێودەوڵەتیەکە لە هەرێمی کوردستان هەمان مەرج و ڕێنمایی زانکۆی دایک دەبێت ، بۆیە مەرجە لە کاتی پێشکەشکردنی پرۆپۆزەلی کردنەوەی لقی زانکۆی دایک وێنەیەک لە ڕێنمایی وەرگرتنی قوتابی / خوێندکاری زانکۆی دایک لە هەر بەشێکی زانستی کە پێشنیاز دەکرێت بۆ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە لەگەڵ پرۆپۆزەلەکە هاوپێچ بکرێت.

**چوارەم: مەرجە تایبەتییەکانی وەرگرتن بۆ پۆلی دوانزەی ئامادەیی (زانستی و وێژەیی)**

| بۆ وەرگرتن لە | مەرجی تێکرای نمرەی پۆلی دوانزە |
|---|---|
| بەشی پزیشکی ددان | ٩٠% کەمتر نەبێت دەرچووی لقی زانستی بێت. |
| بەشی دەرمانسازی | ٨٤% کەمتر نەبێت دەرچووی لقی زانستی بێت. |
| بەشی پەرستاری | ٧٥% کەمتر نەبێت دەرچووی لقی زانستی بێت. |
| بەشەکانی کۆلێژی زانست (شیکردنەوەی نەخۆشییەکان، بایلۆجی پزیشکی ، تاقیگەی پزیشکی ،چارەسەری سروشتی) | ٦٢% کەمتر نەبێت دەرچووی لقی زانستی بێت |
| بەشەکانی کۆلێژی زانست ( نیوتریشن ، تەندروستی کۆمەل چارەسەری سروشتی) | ٥٧% کەمتر نەبێت دەرچووی لقی زانستی بێت |
| بەشی پەروەردەی هونەری شێوەکار | ٥٥% کەمتر نەبێت دەرچووی لقی زانستی و وێژەیی بێت. |
| بەشی پەروەردەی ئیسلامی و بەراووردی ئایینەکان | ٥٥% کەمتر نەبێت دەرچووی لقی زانستی و وێژەیی بێت. |
| ژمێریاری بە تەکنەلۆجیای زانیاری، | ٦٠% کەمتر نەبێت دەرچووی لقی زانستی بێت |
| بەشەکانی پەیمانگە پزیشکیەکان (دەرمانسازی) | ٦٠% کەمتر نەبێت دەرچووی لقی زانستی بێت. |
| بەشی شیکاری نەخۆشیەکان لە پەیمانگە | ٥٨ % کەمتر نەبێت دەرچووی لقی زانستی بێت. |
| بەشی پەرستاری لە پەیمانگە | ٥٧% کەمتر نەبێت دەرچووی لقی زانستی بێت. |
| بەشەکانی پەیمانگە پزیشکیەکان (دروست کردنی ددان) | ٦٠ % کەمتر نەبێت دەرچووی لقی زانستی بێت. |

**وەرگرتن لە بەشی وەرزش:-** دەرچووانی ئامادەیی لە هەردوو لقی زانستی و وێژەیی بە کۆنمرەی (٥٥%) دەچنە پێشبرکێی وەرگرتن وە نابێت تەمەنی پێشکەش کار لە (٤٠) ساڵ زیاتر بێت.

**تێبینی:-** لەکاتی کردنەوەی هەر بەشێکی نوێ پێویستە بە نوسراوی پاشکۆ لەلایەن بەرێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت کۆنمرەی وەرگرتن دیاری بکرێت.

**تێبینی:-** سەبارەت بە وەرگرتنی قوتابیان/ خوێندکارانی قوتابخانە نێودەوڵەتیەکانی هەرێمی کوردستان کار بە ڕێنمایی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە (٣٦٧٨) لە ٢٠١٨/٧/٢٩ دەکرێت وەپلانی وەرگرتن بۆ ئەم قوتابخانانە ١٠% دەبێت لە هەر بەشێک ڕێژەی (٦%) بۆ سیستەمی ئەمریکیە وە ڕێژەی (٤%) بۆ سیستەمەکانی وەکو کامبرج و IB...

| ناوی کۆلێژ/پەیمانگە | ناوی بەش | زانستی١ وێژەیی ٢ ز+و+٣ | K | A | E | M | H-B | G-C | E-P | بە مەرجێک کۆنمرەی کەمترنەبێت لە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆلێژی ئەندازیاری | تەلارسازی ( بیناسازی) | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ | ٨٠ |
| کۆلێژی ئەندازیاری | شارستانی | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ | ٨٠ |
| کۆلێژی ئەندازیاری | نەوت | ١ | | | ٦ | ٨ | | ٨ | ٨ | ٧٧ |
| کۆلێژی ئەندازیاری | کۆمپیوتەر و گەیاندن ( کۆمپیوتەر) | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ | ٧٥ |
| کۆلێژی ئەندازیاری | کارەبا ( ووزە) و (بەرهەمهێنان) | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ | ٧٥ |
| کۆلێژی ئەندازیاری | ( میگاترونیك) | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ | ٧٠ |
| کۆلێژی ئەندازیاری | میکانیك | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ | ٧٥ |
| کۆلێژی ئەندازیاری | دیزاینی ناوخۆ | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ | ٧٥ |
| کۆلێژی ئەندازیاری | سیستەمی کۆنترۆڵ کردن | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ | ٧٥ |
| کۆلێژی ئەندازیاری | پرۆگرامسازی (نێت ۆرك | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ | ٧٥ |
| کۆلێژی ئەندازیاری | رووپێووی و هێلکاری | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ | ٧٥ |
| کۆلێژی ئەندازیاری | ژینگە | ١ | | | ٥ | | ١٠ | ١٠ | ٥ | ٧٠ |
| کۆلێژی زانست | زانستی کۆمپیوتەر ( تەکنەلۆجیای زانیاری) | ١ | | | ٥ | ٢٠ | | | ٥ | ٦٠ |
| کۆلێژی زانست | سیستەمی زانیاری | ١ | | | ٥ | ٢٠ | | | ٥ | ٦٠ |
| کۆلێژی زانست | بایلوجی (بایلۆجی گشتی) | ١ | | | ٥ | | ١٥ | ١٠ | | ٦٢ |
| کۆلێژی زانست | ژینگە | ١ | | | ٥ | | ١٠ | ١٠ | ٥ | ٦٠ |
| کۆلێژی زانست | ماتماتیك | ١ | | | ٥ | ٢٠ | | | ٥ | ٦٠ |
| کۆلێژی زانست | دیزاینی ناوخۆ | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ | ٦٠ |
| کۆلێژی زانست | فیزیا | ١ | | | ٥ | ١٠ | | | ١٥ | ٦٠ |
| کۆلێژی پەروەردە وزمان | کوردناسی | ١ | ٢٠ | ٥ | ٥ | | | | | ٥٧ |
| کۆلێژی پەروەردە وزمان | کوردناسی | ٢ | ١٥ | | ٥ | | ١٠ | | | ٥٧ |
| کۆلێژی پەروەردە وزمان | زمانی کوردی | ٣ | ٢٠ | ٥ | ٥ | | | | | ٦٠ |
| کۆلێژی پەروەردە وزمان | زمانی عەرەبی | ٣ | ٥ | ٢٠ | ٥ | | | | | ٦٠ |
| کۆلێژی پەروەردە وزمان | زمانی ئینگلیزی | ٣ | ٥ | ٥ | ٢٠ | | | | | ٦٠ |
| کۆلێژی پەروەردە وزمان | زمانی فەرەنسی | ٣ | ١٠ | ٥ | ١٥ | | | | | ٥٥ |
| کۆلێژی پەروەردە وزمان | پەروەردەی گشتی | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٥٥ |
| کۆلێژی پەروەردە وزمان | پەروەردەی تایبەت | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٥٥ |
| کۆلێژی پەروەردە وزمان | وەرگێران | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٥٨ |
| کۆلێژی پەروەردە وزمان | باخچەی ساوایان | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٥٥ |
| کۆلێژی پەروەردە وزمان | فیزیا | ١ | | | ٥ | ١٠ | | | ١٥ | ٦٠ |
| کۆلێژی پەروەردە وزمان | بایۆلۆجی | ١ | | | ٥ | | ١٥ | ١٠ | | ٦٢ |
| کۆلێژی پەروەردە وزمان | کیمیا | ١ | | | ٥ | ٥ | | ٢٠ | | ٥٧ |
| کۆلێژی پەروەردە وزمان | بیرکاری | ١ | | | ٥ | ٢٠ | | | ٥ | ٦٠ |
| کۆلێژی پەروەردە وزمان | کۆمەلناسی | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٥٥ |
| کۆلێژی پەروەردە وزمان | شوێنەوار | ٣ | ٥ | | ٥ | | ١٠ | ١٠ | | ٥٥ |
| کۆلێژی کارگێری وئابوری | ژمێریاری | ١ | | ٥ | ٥ | ٢٠ | | | | ٥٥ |
| کۆلێژی کارگێری وئابوری | کارگێری کار | ١ | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٠ | | | | ٥٥ |
| کۆلێژی کارگێری وئابوری | کارگێری کار | ٢ | | ١٠ | ٥ | ٥ | | | ١٠ | ٥٥ |
| کۆلێژی کارگێری وئابوری | ئابوری | ١ | | ٥ | ٥ | ٢٠ | | | | ٥٥ |
| کۆلێژی کارگێری وئابوری | ئابوری | ٢ | | | ٥ | ١٠ | | | ١٥ | ٥٥ |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| كۆلێژی كارگێری وئابوری | دارایی وبانك | ١ | | ٥ | ٥ | ٢٠ | ٠ | | | ٥٥ |
| كۆلێژی كارگێری وئابوری | بازارگەری | ١ | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٠ | | | | ٥٥ |
| كۆلێژی كارگێری وئابوری | بازارگەری | ٢ | | ١٠ | ٥ | ٥ | | | ١٠ | ٥٥ |
| كۆلێژی كارگێری وئابوری | كارگێری گشتی | ١ | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٠ | | | | ٥٥ |
| كۆلێژی كارگێری وئابوری | كارگێری گشتی | ٢ | | ١٠ | ٥ | ٥ | | | ١٠ | ٥٥ |
| كۆلێژی كارگێری وئابوری | كارگێری تەندروستی | ١ | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٠ | | | | ٥٥ |
| كۆلێژی كارگێری وئابوری | كارگێری تەندروستی | ٢ | | ١٠ | ٥ | ٥ | | | ١٠ | ٥٥ |
| كۆلێژی كارگێری وئابوری | كارگێری گەشت وگوزار | ٣ | ٥ | | ٥ | | ١٠ | ١٠ | | ٥٥ |
| كۆلێژی كارگێری وئابوری | كارگێری زانیاری | ١ | | | ١٠ | ١٥ | | | ٥ | ٥٥ |
| كۆلێژی كارگێری وئابوری | كارگێری یاسا | ١ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٥٥ |
| كۆلێژی كارگێری وئابوری | كارگێری یاسا | ٢ | ٥ | ١٠ | ٥ | | ١٠ | | | ٥٥ |
| كۆلێژی یاساو رامیاری | یاسا | ١ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٦٥ |
| كۆلێژی یاساو رامیاری | یاسا | ٢ | ٥ | ١٠ | ٥ | | ١٠ | | | ٦٥ |
| كۆلێژی یاساو رامیاری | پەیوەندیە نێودەولەتی ودبلۆماسیەكان | ١ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٦٠ |
| كۆلێژی یاساو رامیاری | پەیوەندیە نێودەولەتی ودبلۆماسیەكان | ٢ | ٥ | ١٠ | ٥ | | ١٠ | | | ٦٠ |
| كۆلێژی یاساو رامیاری | پەیوەندیە گشتیەكان | ١ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٦٠ |
| كۆلێژی یاساو رامیاری | پەیوەندیە گشتیەكان | ٢ | ٥ | ١٠ | ٥ | | ١٠ | | | ٦٠ |
| كۆلێژی یاساو رامیاری | زانستە رامیاریەكان | ١ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٦٠ |
| كۆلێژی یاساو رامیاری | زانستە رامیاریەكان | ٢ | ٥ | ١٠ | ٥ | | ١٠ | | | ٦٠ |
| كۆلێژی یاساو رامیاری | رامیاری گشتی | ١ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٦٠ |
| كۆلێژی یاساو رامیاری | رامیاری گشتی | ٢ | ٥ | ١٠ | ٥ | | ١٠ | | | ٦٠ |
| كۆلێژی یاساو رامیاری | زانستە نێودەولەتیەكان | ١ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٦٠ |
| كۆلێژی یاساو رامیاری | زانستە نێودەولەتیەكان | ٢ | ٥ | ١٠ | ٥ | | ١٠ | | | ٦٠ |
| كۆلێژی یاساو رامیاری | لێكۆلینەوە ئاراستەكراوەكان | ١ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٥٧ |
| كۆلێژی یاساو رامیاری | لێكۆلینەوە ئاراستە كراوەكان | ٢ | ٥ | ١٠ | ٥ | | ١٠ | | | ٥٧ |
| كۆلێژی یاساو رامیاری | لێكۆلینەوەی رۆژهەلاتی | ١ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٥٧ |
| كۆلێژی یاساو رامیاری | لێكۆلینەوەی رۆژهەلاتی | ٢ | ٥ | ١٠ | ٥ | | ١٠ | | | ٥٧ |
| كۆلێژی ئاداب وهونەر | راگەیاندن | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٥٨ |
| كۆلێژی ئاداب وهونەر | دیزاینی ناوەخۆ | ١ | ٥ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ | ٦٠ |
| پەیمانگە | كارگێری كار | ١ | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٠ | | | | ٥٠ |
| پەیمانگە | كارگێری كار | ٢ | | ١٠ | ٥ | ٥ | | | ١٠ | ٥٠ |
| پەیمانگە | كارگێری یاسا | ١ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٥٠ |
| پەیمانگە | كارگێری یاسا | ٢ | ٥ | ١٠ | ٥ | | ١٠ | | | ٥٠ |
| پەیمانگە | كارگێری بانكەكان | ١ | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٠ | | | | ٥٠ |
| پەیمانگە | كارگێری بانكەكان | ٢ | | ١٠ | ٥ | ٥ | | | ١٠ | ٥٠ |
| پەیمانگە | كارگێری گەشت وگوزار | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٥٠ |
| پەیمانگە | كارگێری تەكنەلۆجیای زانیاری | ١ | | | ١٠ | ١٥ | | | ٥ | ٥٠ |
| پەیمانگە | كارگێری سیستەمی زانیاری تەندروست | ١ | ٥ | ١٠ | ٥ | ١٠ | | | | ٥٠ |
| پەیمانگە | كارگێری سیستەمی زانیاری تەندروست | ٢ | | ١٠ | ٥ | ٥ | | | ١٠ | ٥٠ |
| پەیمانگە | ژمێریاری | ١ | | ٥ | ٥ | ٢٠ | | | | ٥٠ |
| پەیمانگە | رێبەری گەشتیاری گەشت و گوزار | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٥٠ |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پەیمانگە | ڕێنمایی کشتوکاڵ | ١ | | | ٥ | | ١٥ | ٥ | ٥ | ٥٠ |
| پەیمانگە | بەشی ئینگلیزی | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٥٠ |
| پەیمانگە | ڕاگەیاندن | ٣ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | | | | | ٥٠ |
| پەیمانگە | تەکنەلۆجیای زانیاری | ١ | | | ١٠ | ١٥ | | | ٥ | ٥٠ |
| پەیمانگە | نێتۆرك | ١ | | | ٥ | ١٠ | | | ١٥ | ٥٠ |
| پەیمانگە | ئەندازیاری دیکۆر | ١ | | | ١٠ | ١٠ | | | ١٠ | ٥٠ |
| پەیمانگە | پالاوتنی نەوت | ١ | | | ١٠ | | | ١٥ | ٥ | ٥٠ |
| پەیمانگە | تەکنیکی هەڵکەندن | ١ | | ٥ | ٥ | ٥ | | | ١٥ | ٥٠ |
| پەیمانگە | تەکنەلۆجیای نەوت | ١ | | ٥ | ٥ | | | ١٥ | ٥ | ٥٠ |
| پەیمانگە | ڕووپێوی | ١ | | ٥ | ٥ | ١٠ | | | ١٠ | ٥٠ |

## پێنجەم: مەرجە تایبەتییەکانی وەرگرتن بۆ دەرچووانی لقە پیشەییەکان

| بۆ وەرگرتن لە | مەرج و تێکرای نمرە |
|---|---|
| بەشی ئەندازیاری تەلارسازی، شارستانی | ٩٠% کەمتر نەبێت دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی وێنەی ئەندازەیی بێت. |
| بەشی ئەندازیاری میکانیک | ٩٠% کەمتر نەبێت دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی میکانیك بێت. |
| بەشی ئەندازیاری کارەبا | ٨٥% کەمتر نەبێت دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەبا بێت. |
| بەشی ئەندازیاری کۆمپیوتەر، کۆمپیوتەر و گەیاندن | ٨٥% کەمتر نەبێت دەرچووی ئامادەیی پیشەیی بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری (IT) یان چاککردنەوەی کۆمپیوتەر بێت. |
| بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری و بەشی سیستەمی زانیاری | ٧٠% کەمتر نەبێت دەرچووی ئامادەیی پیشەیی بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری (IT) یان چاککردنەوەی کۆمپیوتەر بێت. |
| بەشی ژمێریاری | ٦٠% کەمتر نەبێت دەرچووی ئامادەیی بازرگانی بێت. |
| بەشی دارایی و بانک | ٦٠% کەمتر نەبێت دەرچووی ئامادەیی بازرگانی بێت. |
| کارگێری کار | ٦٠% کەمتر نەبێت دەرچووی ئامادەیی بازرگانی بێت. |
| گەشت و گوزار | ٦٠% کەمتر نەبێت دەرچووی ئامادەیی گەشت و گوزار بێت. |
| بەشەکانی پەروەردەی ئیسلامی و بەراوردە ئایینەکان | ٦٠% کەمتر نەبێت دەرچووی ئامادەیی خوێندنی ئیسلامی و خوێندنگەی ئایینەکان بێت. |
| بەشی تەکنیکی هەڵکەندن لە پەیمانگەی نەوت | ٥٥% کەمتر نەبێت دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی میکانیک بێت. |
| بەشەکانی پەیمانگە تەکنیکیەکانی ژمێریاری,کارگێری بانکیەکان , کارگێری کار | ٥٥% کەمتر نەبێت دەرچووی ئامادەیی بازرگانی بێت.<br>ڕێژەی (٣٠%) پلانی وەرگرتن بۆ ئەم بەشە دەبێت |
| بەشەکانی پەیمانگە تەکنیکیەکان (تەکنەلۆجیای زانیاری, زانستی کۆمپیوتەر , کۆمپیوتەر نێت ۆرک) | ٥٥% کەمتر نەبێت دەرچووی ئامادەیی پیشەیی بەشی (IT) یان چاککردنەوەی کۆمپیوتەر بێت.<br>ڕێژەی (٣٠%) پلانی وەرگرتن بۆ ئەم بەشە دەبێت |
| بەشەکانی پەیمانگە تەکنیکیەکان (گەشت وگوزار) | ٥٥% کەمتر نەبێت دەرچووی ئامادەیی گەشت وگوزار بێت<br>ڕێژەی (٣٠%) پلانی وەرگرتن بۆ ئەم بەشە دەبێت |
| بەشەکانی پەیمانگە تەکنیکیەکانی (ڕێنمایی کشتوکاڵ) | ٥٥% کەمتر نەبێت دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ<br>ڕێژەی (٣٠%) پلانی وەرگرتن بۆ ئەم بەشە دەبێت |

**شەشەم: مەرجە تایبەتییەکانی وەرگرتن بۆ دەرچووانی پەیمانگە پێنج ساڵییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم.**

| بۆ وەرگرتن لە | مەرج و تێکرای نمرە |
|---|---|
| بەشی ئەندازیاری نەوت | ٩٠ % کەمتر نەبێت دەرچووی بەشی تەکنیکی نەوت بێت |
| بەشەکانی ئەندازیاری کۆمپیوتەر و ئەندازیاری کۆمپیوتەر و گەیاندن | ٩٠ %کەمتر نەبێت<br>دەرچووی بەشی Network یان Programming یان Web Design بێت. |
| بەشەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و سیستەمی زانیاری زانستی کۆمپیوتەر | ٦٥ %کەمتر نەبێت<br>دەرچووی بەشی Network یان Programming یان Web Design بێت. |
| بەشەکانی زمانی ئینگلیزی و وەرگێڕان | ٦٥ % کەمتر نەبێت دەرچووی بەشی زمانی ئینگلیزی بێت. |
| بەشەکانی ژمێریاری و کارگێری کار | ٦٥ % کەمتر نەبێت دەرچووی بەشی کارگێری یان ژمێریاری بێت. |
| بەشەکانی پەروەردەی ئیسلامی و بەراووردی ئایینەکان | ٦٥ % کەمتر نەبێت دەرچووی پەیمانگەی ئەزهەر بێت بە مەرجێك تەمەنی (٣٠) ساڵ زیاتر نەبێت |
| بەشی وەرزش | ٦٠ %کەمتر نەبێت دەرچووی بەشی وەرزش بێت. |
| بەشی هونەری شێوەکاری | ٦٥ %کەمتر نەبێت دەرچووی بەشی هونەر بێت. |

**تێبینی:** دەرچووانی ئامادەیی و پەیمانگە پیشەییەکان ئەوانەی لە دەرەوەی وولات خوێندنیان تەواو کردووە و بڕوانامەکانیان لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم یەکسانکراوە دەتوانن بۆ بەشی هاوشێوە داواکاری وەرگرتن پێشکەش بکەن. بەڵام ئەگەر پسپۆڕی بڕوانامەکەی ڕوون نەبوو، ئەوا لیژنەی باڵای وەرگرتن بڕیار لەسەر بەشی هاوشێوەی دەدات.

**حەوتەم:** مەرجە تایبەتییەکانی وەرگرتن بۆ دەرچووانی پەیمانگە تەکنییەکان

| بۆ وەرگرتن لە | مەرج و تێکرای نمرە |
|---|---|
| بەشی پزیشکی ددان | ٩٠% کەمتر نەبێت دەرچووی دووەم لەسەر ئاستی هەرێم لە بەشی پزیشکی تەکنیکی ددان بۆ ساڵی دەرچوونی (٢٠١٨ – ٢٠١٩). |
| پەرستاری | ٧٢% کەمتر نەبێت دەرچووی بەشی پەرستاری بێت |
| بەشی ئەندازیاری شارستانی | ٨٠% کەمتر نەبێت دەرچووی بەشی بیناکاری بێت. |
| بەشی ئەندازیاری نەوت | ٨٠% کەمتر نەبێت دەرچووی بەشی تەکنەلۆجیای نەوت بێت. |
| بەشی ئەندازیاری هێکاری و روپێوی | ٨٠% کەمتر نەبێت دەرچووی بەشەکانی ڕووپێوی بێت. |
| بەشی ئەندازیاری میکانیک | ٧٥% کەمتر نەبێت دەرچووی بەشی میکانیک بێت. |
| بەشی ئەندازیاری میکاترونیك، ووزە، بەرهەرمهێنانی | ٧٥% کەمتر نەبێت دەرچووی بەشەکانی ووزە، میکانیک بێت. |
| بەشی ئەندازیاری کارەبا | ٧٥% کەمتر نەبێت دەرچووی بەشی کارەبا بێت. |
| بەشی ئەندازیاری کۆمپیوتەر و گەیاندن کۆمپیوتەر | ٧٥% کەمتر نەبێت دەرچووی بەشەکانی کۆمپیوتەر، گەیاندن، تەکنەلۆجیای زانیاری بێت. |
| بەشەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری (IT) و سیستەمی زانیاری | ٦٠% کەمتر نەبێت دەرچووی بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری بێت. |
| بەشی یاسا | ٦٠% کەمتر نەبێت دەرچووی بەشی کارگێری یاسا بێت. |

| | |
|---|---|
| بەشی شیکردنەوەی نەخۆشییەکان ، تاقیگەی پزیشکی | ٦٠% کەمتر نەبێت دەرچووی بەشی شیکردنەوەی نەخۆشییەکان بێت. |
| بەشەکانی زمانی ئینگلیزی، ئەدەبی ئینگلیزی، وەرگێڕان | ٥٥% کەمتر نەبێت دەرچووی بەشی زمانی ئینگلیزی بێت. |
| بەشەکانی زمانی ئینگلیزی، ئەدەبی ئینگلیزی، وەرگێڕان | ٥٣% کەمتر نەبێت دەرچووی بەشی وەرگێران بێت. |
| بەشی ژمێریاری | کراوە دەرچووی بەشی کارگێری بانکەکان یان بەشی ژمێریاری بێت. |
| بەشی دارایی و بانک | کراوە دەرچووی بەشی کارگێری بانکەکان بێت. |
| بەشی بەبازارکردن | کراوە دەرچووی بەشی بەبازارکردن بێت. |
| بەشی کارگێری کار | کراوە دەرچووی بەشی کارگێری بێت. |
| بەشی بەرێوەبردن و نەوت و گاز | کراوە دەرچووی بەشی کارگێری نەوت و گاز. |
| بەشی گەشت وگوزار | کراوە دەرچووی بەشی ڕێبەری گەشتیاری یان بەشی کارگێری دەزگاکانی گەشتیاری بێت. |
| بەشی ڕاگەیاندن | کراوە دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن بێت. |
| بەشی کارگێری یاسا | کراوە دەرچووی بەشی کارگێری یاسا بێت. |

**تێبینی:**

أ- دەرچووی بەشی دەرمانسازی لە پەیمانگەی تەکنیکی دوو ساڵە بۆ بەشی پزیشکی دەرمانسازی کۆنمرەی ئامادەییەکەی لە(٨٠%)کەمتر نەبێت وەهەڵسەنگاندنی پەیمانگەی زۆر باشە کەمتر نەبێت

ب- دەرچووی بەشی دیزاین لە پەیمانگەی تەکنیکی دوو سالە بۆ بەشی ئەندازەی دیزاین کۆنمرەی ئامادەییەکەی لە (٧٥%) کەمتر نەبێت وە هەڵسەنگاندنی پەیمانگەی باشە کەمتر نەبێت.

ج- بۆ هەردوو بەشی سەرەوە مەرجە دەرچووی ئامادەیی زانستی بن.

**هەشتەم: ڕاستاندنی بڕوانامەکان**

١- هەر قوتابی/خوێندکارێك دانیشتووی پارێزگەکانی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بێت بڕوانامەی ئامادەیی لە دەرەوەی هەرێم بە دەست هێنا بێت ناوی لە لیستی وەرگیراوان لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان هەبوو ناوەکەی دەخرێتە دەرەوە وە مافی قەرەبوو کردنەوەی نابێت.

٢- وەرگرتنی کۆتایی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەندە بە پێشکەشکردنی بڕوانامەی ڕەسەنی ئامادەیی یان پەیمانگە یان بڕیاری بەرابەرکردنی بڕوانامە لەلایەن قوتابی/خوێندکار کە پێی داوای وەرگرتن پێشکەش دەکات.

٣- ئەوانەی بڕوانامەکانیان لە دەرەوەی وولات بە دەست هێناوە دەبێت پێش پێشکەشکردنی داواکاری وەرگرتن، بڕوانامەکانیان یەکسان کرابێت لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم.

٤- ئەو قوتابی/خوێندکارانەی دەرەوەی وولات کە داواکاری وەرگرتن پێشکەش بەو بەشانە دەکەن کە وانەی مفاضەلەیان هەیە، پێویستە لەگەڵ پێشکەشکردنی نمرەی ئەو وانانە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە دیاری بکەن.

٥- بڕوانامەی دەرچوون لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەهیچ قوتابی/خوێندکارێك نادرێت ئەگەر پێشتر ڕاستی و دروستی (صحة الصدور) بۆ بڕوانامە ئامادەییەکەی لە وەزارەتی پەروەردەی عێراقی فیدراڵ یان هەرێم بۆ نەکرابێت، کە پێویستە ئەم ڕاستاندنە بە نوسراوی نهێنی ئەنجامبدرێت.

٦- هیچ بڕوانامەیەکی ئامادەیی لە قوتابیان/خوێندکاران لە کاتی وەرگرتنیان وەرناگیرێت ئەگەر بڕوانامەکە بە فەرمی ئاڕاستەی ئەو زانکۆیە نەکرابێت کە لێی وەرگیراوە.

٧- دەرچووانی ئامادەیی شارەکانی دەرەوەی هەرێم کە دانیشتوی ناوەراست و باشوری عێراقن, دەبێت بڕوانامەکانیان لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ ڕاستاندنی بۆ بکرێت لە ڕێگەی وەزارەتەوە.

٨- هیچ قوتابی/خوێندکارێك پاش دەرچوونی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان دان بە بڕوانامەکەی نانرێت ، ئەگەر فەرمانی وەزاری وەرگرتن (القبول) و فەرمانی زانکۆیی دەرچوونی (التخرج) بۆ دەرنەچوو بێت بەپێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

٩- بڕوانامەی بەنمرەی دەرچوونی قوتابی/خوێندکار پێویستە مۆری زانکۆ یان پەیمانگە و واژووی هەر یەك لە (ڕێکخەری بڕوانامە، بەڕێوەبەری تۆمار ، سەرۆکی بەش یان ڕاگری کۆلێژ ئەو زانکۆیانەی کە سیستەمی کۆلێژی هەبێت یان راگری پەیمانگە، سەرۆکی زانکۆ) لەسەر بڕوانامەکە هەبێت، بەپێچەوانەوە پەسند ناکرێت.

١٠-پشتگیری دەرچوون و بڕوانامەی دیواربەند (جیداری) قوتابی/خوێندکار پێویستە مۆری زانکۆ یان پەیمانگە و واژووی هەر یەك لە (بەڕێوەبەری تۆمار ڕاگری پەیمانگە، سەرۆکی زانکۆ) لەسەر بڕوانامەکە هەبێت، بەپێچەوانەوە پەسند ناکرێت.

١١- پەسندکردنی (پشتگیری دەرچوون، بروانامەی بەنمرە، بروانامەی دیواربەند(جیداری) ) لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی, لە ڕوانگەی ماددەی (٢٥) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣ بە دانانی خانەیەك بۆ پەسەند کردنی وەزارەت.

١٢- هەر قوتابی/خوێندکارێک مافی وەرگرتنی یەک وێنە لە بڕوانامەی بە نمرەی دەرچوونی و پشتگیری دەرچوون و دیواربەند (جیداری) بە زمانەکانی (کوردی ، عەرەبی، ئینگلیزی) هەیە بەخۆرایی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان. پێویستە گشت نووسینەکانی سەر کلێشەی بڕوانامەکە بەو زمانە بێت کە دەرچووان داوای دەکەن، نەوەک لە هەمان کلێشەی بڕوانامەدا زمانی جیاجیا هەبێت، بەڵام لەکاتی داواکردنی وێنەی دووەم یاخود زیاتر لەبروانامەی بەنمرە بە زمانەکانی (کوردی ، عەرەبی، ئینگلیزی) لەلایەن دەرچوانەوە، ئەوا زانکۆ یان پەیمانگە دەتوانی بڕێك پارە بۆ هەر بروانامەیەکی بەنمرە وەربگرێت بەمەرجێك لە (١٥٠٠٠)دینار زیاتر نەبێت.

١٣- لەکاتی پێدانی پشتگیری دەرچوون بە قوتابیان/خوێندکاران پێویستە شوێنی ئاراستە کردن بە روونی دیاری بکرێت.

١٤- لەکاتی پەسەندکردنی بڕوانامەی بەنمرە یان پشتگیری دەرچوون لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، پێویستە ئەم بەڵگەنامانەی لەگەڵ دابێت (ئەو بڕوانامەیەی کە پێی لە زانکۆ و پەیمانگە وەرگیراوە، فەرمانی وەزاری وەرگرتن و فەرمانی دەرچوون).

١٥- هەر کەسێك بڕوانامەی ساختە (مزور) پێشکەش بە زانکۆ بکات بۆ وەرگرتن، پاش ئاشکرابوونی لە هەر قۆناغێکی خوێندن بێت لە خوێندن دادەبڕێنرێت وە ئەگەر دەرچوو بێت بڕوانامەکەی لێ وەردەگرێتەوە و بێ قەرەبووکردن خۆی توشی لێپرسینەوەی یاسایی دەکات و وێنەیەك لە بڕوانامە ساختەکەی دەدرێتە داواکاری گشتی, وە زانکۆی پەیوەندیدار بەدواداچوون لەسەر بابەتەکە بکات و گشتاندن بە بڕوانامە ساختەکەی دەکرێت بۆ سەرجەم وەزارەت ودەزگاو دامەزراوەو سەندیکاکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەیان لەم بابەتە.

١٦- ئەوانەی بڕوانامەی ئامادەیی لقی زانستی و وێژەیی لە ناوەراست و باشوری عێراق و دەرەوەی عێراق بەدەست دێنن هەمان ماف و ئیمتیازاتی دەرچووانی هەرێمی کوردستانیان دەبێت بۆ وەرگرتن لە زانکۆ تایبەتەکان.

**نۆیەم: کارە کارگێرییەکان:**

١- مەرجە بۆ ئەوانەی فەرمانبەرن کە دەوامەکانیان هاوکاتە لەگەڵ دەوامی خوێندنیان مۆڵەتی خوێندن لە فەرمانگەی خۆی بهێنن، بە پێچەوانەوە لەکاتی دەرچوونیان لە زانکۆکەیان ئەگەر دەوامی فەرمانگەکەی هاوکات بوو لەگەڵ دەوامی زانکۆکەی ئەوا بڕوانامەکەی لەلایەن وەزارەتەوە پەسەند ناکرێت.

٢- بۆ هەر قوتابی/خوێندکارێك دۆسیەیەك دەکرێتەوە و دەبێت سەرجەم بەڵگەنامەکان لە خۆبگرێت، بەتایبەتی بڕوانامە و فەرمانی وەزاری و زانکۆیی وەرگرتن و تێکڕای بەڵگەنامەکانی تری پێویست.

٣- پێویستە زانکۆ  یان پەیمانگە داوای پشکنینی پزیشکی لە قوتابی/خوێندکار بکات بەم شێوەیەی کە لە زانکۆ حکومییەکان پەیڕەو دەکرێت.

٤- پێویستە زانکۆ و پەیمانگەکان هەموو دۆسییەکانی پەیوەست بە پرۆسەی خوێندنی هەبێت.

٥- نابێ قوتابی/خوێندکار دەست بەدەوامی فەرمی بکات تاکو ناوی لە سیستەمی وەرگرتنی ئەلکترۆنی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان ڕادەگەیەنرێت، هەر دەوامێکی بەدەر لەم شێوەیە بە نایاسایی لە قەڵەم دەدرێت.

٦- پێویستە زانکۆ و پەیمانگەکان سەرجەم یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لە تابلۆی ئاگادارییەکان وە سایتی تایبەت بە زانکۆ بڵاو بکرێتەوە.

٧- ڕێکارە کارگێڕییەکانی وەرگرتن بەڕیزبەند بەم شێوەیەی خوارەوە دەست پێ دەکات و ناکرێت ئەم ڕیزبەندیە ببەزێنرێت یان سەرپێچی لێبکرێت:

أ. پەسندکردنی پلانی وەرگرتن لەلایەن وەزارەت.

ب. پێشکەش کردنی داواکاری وەرگرتن لە ڕێگای (سیستەمی ئۆنلاین)

ج. ئەنجامدانی گرێبەست لە نێوان زانکۆ یان پەیمانگە لەگەڵ قوتابی/خوێندکار.

د. وەرگرتنی قستی یەکەم لە کرێی خوێندن.

ە. دەرکردنی فەرمانی وەزاری بە وەرگرتنی کۆتایی قوتابیان/خوێندکاران

و. دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی (فەرمانی کارگێری ) بە وەرگرتنی قوتابیان/خوێندکاران.

٨- پێویستە زانکۆ یان پەیمانگە مۆری تایبەتی خۆی هەبێت لە سەر هەموو بەڵگەنامەکانی دەرچوو و گرێبەست لەگەڵ قوتابی/خوێندکار واژۆ و مۆرکراو بێت.

٩- زانکۆکان دەتوانن سوود لە ڕێنمایی تاقیکردنەوە و ڕێکاری قوتابیان/خوێندکاران ژمارە(١) و (٢) وەربگرن کەهاوپێچە بەلەبەر چاوگرتنی سیستمی خوێندن وتایبەتمەندی هەر زانکۆیەکی تایبەت

١٠-زانکۆ تایبەتەکان پابەند دەبن بە سەرجەم خاڵەکانی ڕێنماییەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری و زانست خوازی بەردەوام تەندروستی و سەلامەتی.

١١-لەسەر زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان پێویستە زۆر بە ووردی یاسا و ڕێنماییەکان جێبەجێ بکەن وە بەهیچ شێوەیەك هەڵاوێرکردن (إستثناء) و بەزاندنی یاسا و ڕێنماییەکان بەهەر پاساوێك بێت ڕێگەی پێ نادرێت.

١٢- لەکاتی بوونی دووانە (التوأمة) لە نێوان زانکۆیەکی خۆماڵی و زانکۆیەکی دەرەوە ڕەچاوی ڕەزامەندی و ئەو مەرجانە دەکرێت، کە لە لایەن وەزارەتەوە دەخرێتە سەر زانکۆکە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن.

١٣- فۆرمی گرێبەستی ساڵانەی نێوان قوتابی/خوێندکار و زانکۆ دەنێردرێت بۆ وەزارەت بەمەبەستی یەکخستنی و پەسەندکردنی دواتر کارپێکردنی.

١٤- بۆ هەر حاڵەتێکی تر کە لە بڕگەکانی سەرەوە دا نەهاتووە، یا باس نەکراوە، ڕەچاوی مەرج و ڕێنماییەکانی زانکۆ حکومییەکان دەکرێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی خوێندن لە هەر زانکۆیەکی تایبەت.

١٥-پێویستە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لەگەڵ دەستپێکردنی هەر کۆرسێکی خوێندن ئاماری قوتابیان / خوێندکاران و ستافی وانەبێژان و کارمەندان بنێرن بۆ هۆبەی ئاماری زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لە وەزارەتمان.

١٦- گۆڕینی دەوامی قوتابیان / خوێندکاران لە نێوان دەوامی خوێندنی (ئێواران – بەیانیان) لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان ڕێگەپێدراو نییە تەنها بەشێوەی میوانداری (استضافە) دەبێت وە بڕوانامەکەی بە دەوامی خوێندنی پێشووی خۆی پێدەدرێت.
١٧- دواخستنی خوێندنی (تأجیل) قوتابی / خوێندکار تاکو مانگێك پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەم ڕێگە پێدراوە.
١٨- لە سیستەمی کۆرسات ئەگەر قوتابی / خوێندکار ڕێژەی ئامادەنەبوونی لە کۆی ساڵەکە لە دوو وانە زیاتربوو بەهۆی ئامادەنەبوون (غیابات) دابراندنی لە خوێندن بۆ دەکرێت بەهۆکاری تێپەراندنی ڕێژەی یاسایی وە قوتابی / خوێندکار لە هەردوو کۆرس بە کەوتوو ئەژمار دەکرێت.

**دەیەم: ڕێنماییە داراییەکان:**

١- هەر لێخۆشبونێك لە کرێی خوێندنی قوتابی/خوێندکار پێویستە وەزارەتی لێ ئاگادار بکرێتەوە.
٢- ساڵانە پێداچونەوەی نرخەکانی خوێندن لەسەرجەم زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان دەکرێت پاڵپشت بەبڕگەی (٦) لە ماددەی (١٢)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣ .
٣- وەرگرتنی پارەی ساڵانەی کرێی خوێندنی قوتابی/خوێندکار بە گرێبەست دیاری بکرێت پاش ڕەزامەندی وەزارەت لەسەر کرێیەکە.
٤- سزادانی قوتابی/خوێندکار بە پارە بەهۆی دواکەوتنی قستی پارەی خوێندن ڕێگەی پێنەدراوە و زانکۆ دەتوانێ قوتابی/خوێندکاری قەرزدار ئاگادار بکاتەوە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو قیستەکە بدات، ئەگەر لەو ماوەیە پارەکەی نەدا ئەوا لە خوێندن بێ بەشی دەکات.
٥- بۆ زانکۆ یان پەیمانگە نییە پارە لە قوتابی/ خوێندکاری قوناغی یەکەم وەربگرێت تا ناوی لە سیستەمی ئەلکترۆنی ڕادەگەیەنرێت و گرێبەستی لەگەڵ واژوو دەکرێت.
٦- کردنەوەی خولی بە پارە لە ناو زانکۆ ڕێگە پێنەدراوە, جگە لە خوێندنی ئامادەکاری و کردنەوەی خولی زمانەوانی, کۆمپیوتەر, بەمەرجێك پێش وەخت ڕەزامەندی وەزارەتی لەسەر وەرگیرابێت و ڕێگەی پێ درابێت. ئەم خولانە دەبێ بۆ خودی قوتابیان/خوێندکارانی زانکۆکە بێت.
٧- نابێت نرخی فرۆشتنی فۆڕم لە (٤٠٠٠) چوار هەزار دیناری عێراقی زیاتر بێت بە وەسڵی فەرمی ئەو پارەیە لە قوتابی/خوێندکار وەربگیرێت.
٨- داواکاری بۆ سکاڵا و دواخستنی خوێندن دەبێ بێ بەرامبەر بێت.
٩- پارەی تانەدان (اعتراض) بۆ پێداچونەوە بە نمرەی تاقیکردنەوەکان نابێت لە (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار تێپەڕێت بۆ هەر وانەیەك.
١٠-وەرگرتنی پارە لە قوتابی/خوێندکار بۆ دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەی وەرزی وکۆتایی ساڵا ڕێگە پێنەدراوە.
١١-وەرگرتنی پارە لە قوتابی/خوێندکار بەرامبەر ئاڕاستەکردنی نووسراو بۆ هەر شوێنێکی تری دەرەوەی زانکۆ ڕێگە پێنەدراوە.
١٢- کرێی خوێندن بریتی دەبێت لە پێشکەشکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی پرۆسەی خوێندن و سەرجەم ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لە کاتی پرۆسەکە پێشکەش بە قوتابی/خوێندکار دەکرێت، بۆ

ئەوەی پڕۆسەکە سەرکەوتوو بێت و دڵنیایی جۆری تیایدا بەرجەستە بکرێت، بۆیە ڕێگە نادرێت جگە لە پارەی خوێندن، هیچ پارەیەکی تر لە قوتابی/خوێندکار وەربگیرێت وەك پارەی ئینتەرنێت و ویب سایت، یاخود دابینکردنی کەلوپەل بۆ تاقیگە پزیشکیەکان و تاقیگەی پسپۆڕیەکانی تر و پێدانی شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل، یاخود ناسنامەی زانکۆ جگە لە بەشە ناوخۆیەکان .

١٣- زانکۆ و پەیمانگە بۆی هەیە لەکاتی دواخستنی ساڵی خوێندنی قوتابی/خوێندکار بەهەر هۆیەك بێت بڕە پارەیەك لە قوتابی/خوێندکار وەربگرێت بەمەرجێك لە (٣٠%)ی کرێی خوێندنی ساڵانەی تێپەڕ نەکات، وە بۆ ساڵی داهاتوو لە کاتی گەڕانەوەی قوتابی / خوێندکار نابێت وەرگرتنی کرێی خوێندنی لە (٧٠%) تێپەر بکات.

١٤- ئەگەر لە خانەوادەیەك دوو قوتابی / خوێندکار یان زیاتر هەبێت لە دەسەڵاتی زانکۆ و پەیمانگەدایە بۆ لێخۆشبوون .

١٥- پێویستە ساڵانە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان پاکانەی باجی دەرامەت بەپێی ڕێنماییە داراییەکان پەیڕەو بکات.

١٦- زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان پێویستە پابەند بن بە جێبەجێ کردنی گشت برگەکانی ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی (٢٠١٦) کە تایبەتە بە وەرگرتنی رسومات لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لەلایەن وەزارەتەوە.

١٧- زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان پێویستە پابەندبن بە جێبەجێ کردنی گشت خاڵەکانی فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٧٩٧٣) لە (٢٠١٦/٥/٢٤) کە تایبەتە بە سزای پێبژاردن (غرامە) لەبەرامبەر هەر سەرپێچیەك لە جێبەجێ نەکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتمان.

١٨- لە کاتی گواستنەوەی قوتابی/ خوێندکار لە نێوان زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان تەنها ئەو زانکۆ و پەیمانگەی قوتابی/ خوێندکار بۆی دەچێت مافی وەرگرتنی کرێی خوێندنی هەیە دوای پاکتاوی دارایی ساڵانەی پێشووی خوێندن.

١٩- ئەگەر ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کەوتوو (راسب) بن ئەوا کرێی خوێندنیان بەم ڕێژانەی کە لە خشتەی خوارەوە ئاماژەی پێکراوە لێیان وەردەگیرێت:

| ژ | ژمارەی وانەی کەوتن لە سیستەمی ساڵانە | ژمارەی وانەی کەوتن لە سیستەمی وەرزی | ڕێژەی وەرگرتنی کرێی خوێندن |
|---|---|---|---|
| ١ | دوو وانە | سێ وانە | ٣٠% |
| ٢ | سێ وانە | چوار وانە | ٤٥% |
| ٣ | چوار وانە | پێنج وانە | ٦٠% |
| ٤ | پێنج وانە و زیاتر | شەش وانە و زیاتر | ١٠٠% |

**پانزەهەم: ڕێنماییەکانی گواستنەوەی خوێندنی قوتابیان/ خوێندکاران**

پێوەرە گشتییەکانی گواستنەوە :

١- لەبەر ئەوەی قوتابیان/ خوێندکاران بەخواستی خۆیان دەستنیشانی زانکۆ یان پەیمانگە دەکەن کە دەیانەوێت لێی بخوێنن، بۆیە گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە نێوان زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم سنوردار دەبێت.

٢- مەرجە ڕەزامەندی هەردوو زانکۆ بەدەست بێنێت بۆ گواستنەوە.
٣- گواستنەوە لە ڕێکەوتی (٧/١) دەست پێ دەکات تا (٩/٣٠) .
٤- گواستنەوە تەنها دوای قۆناغی یەکەم دەبێت.
٥- گواستنەوە و میوانداری لە زانکۆ تایبەتەکان بۆ زانکۆ حکومیەکان ڕێگە پێنەدراوە.
٦- قوتابی/خوێندکار بۆی هەیە خوێندنەکەی لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم بگوازرێتەوە بۆ زانکۆ تایبەتەکانی دەرەوەی هەرێم و عێراق لەهەمان پسپۆڕی خۆی بەمەرجێك ئەو زانکۆیەی بۆی دەچێ باوەڕپێکراو بێت.
٧- پێویستە کۆنمرەی ئامادەیی قوتابی/خوێندکار هەمان کۆنمرەی وەرگیراو بێت لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی وەرگرتنی.
٨- گواستنەوە تەنها بۆ بەشی هاوشێوە وە سیستەمی هاوشێوە دەکرێت.
٩- دابەزین لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی دیکە لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان ڕێگەپێنەدراوە، ئەگەر قوتابی/خوێندکار ویستی بەشەکەی بگۆڕێت پێویستە هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنی لەو بەشەی وەرگیراوە بۆ بکرێت و بەپێی مەرج و ڕێنماییەکانی وەرگرتن بچێتەوە پێشبرکێی وەرگرتن لەو بەشەی دەیەوێت بخوێنێت بە مەرجێک لە فۆرمی پێشکەشکردن ئاماژەی پێکردبێت.

أ- گواستنەوە لە نێوان زانکۆ تایبەتەکانی هەمان پارێزگا لە هەرێم:-

گواستنەوەی قوتابی/ خوێندکار لە زانکۆکانی هەمان پارێزگا ناکرێت، تەنها بۆ ئەم حاڵەتانەی خوارەوە ڕێگەپێدراوە:-

١- نەمانی یاخود هەڵپەساردنی وەرگرتن لە بەشەکەی یان زانکۆ یاخود پەیمانگەکەی .
٢- بڕیاری لیژنەی بەرزەفتکردن بەگواستنەوەی قوتابی/خوێندکار لەکاتی سەرپێچیکردنی بەهەر هۆیەك .
٣- گواستنەوەی قوتابی/خوێندکار لە زانکۆ حکومییەکان بۆ زانکۆ تایبەتەکان ئاساییە بەڕەچاوکردنی کۆنمرەکەی کە دەبێت هاوتابێت لەگەڵ ئەو کۆنمرەیەی کە لەساڵی وەرگرتنی لە پسپۆڕییەکەی وەرگیراوە وە نوسراوی لاری نەبوونی هەردوو زانکۆ و ئەنجامدانی پێوانەی زانستی (المقاصة العلمية) بکات.

ب- گواستنەوەی قوتابی/خوێندکار لە نێوان زانکۆ تایبەتەکانی شارە جیاجیاکانی هەرێم لەم حاڵەتانەی خوارەوە دەکرێت :-

١- گواستنەوەی خانەوادەی قوتابی/خوێندکار بۆ پارێزگایەکی تری هەرێم بە پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی فەرمی.
٢- گواستنەوەی شوێنی کاری قوتابی/خوێندکار ئەگەر فەرمانبەر بوو، یان بەخێوکاری (ولی أمر) ئەگەر فەرمانبەر بوو بە پێشکەشکردنی بەڵگە.
٣- هاوسەرگیریکردنی قوتابی / خوێندکار لە پارێزگایەکی تر .
٤- وەفاتی بەخێوکاری (ولی أمر) قوتابی / خوێندکار.
٥- نەخۆشی درێژ خایەن بە پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی پزیشکی پەسەندکراو .

ج: گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە زانکۆکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق بۆ زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان:

١- گواستنەوە لەسەرووی قۆناغی یەکەم دەبێت .

٢- هەمان مەرج و ڕێنماییەکانی وەرگرتنی قوتابیان/خوێندکارانی هەرێمی کوردستان لەسەر دەرچووانی ئامادەیی ناوەڕاست و باشووری عێراق جێبەجێ دەکرێت لە ڕووی کۆنمرە، جگە لەو (٢١) نمرەیەی کە دەبەخشرێت بۆ قوتابیان/خوێندکارانی هەرێم کە دەرچووی ساڵی یەکەم و خولی یەکەم، لەگەڵ ئەو (٧) نمرەیەی کە دەدرێت بە دەرچووانی ساڵی یەکەم خولی دووەم بۆ دەرچووانی ساڵی تازەی خوێندن.

٣- پێویستە ئەو زانکۆیەی کە قوتابی /خوێندکار لێی دەخوێنێ باوەڕپێکراو بێت .

٤- پێویستە کۆنمرەی هاوتا بێت لەگەڵ ئەو کۆنمرەیەی کە قوتابیانی هەرێم پێی وەرگیراون لە ساڵی وەرگرتنیدا .

٥- پێوانەی زانستی (المقاصة العلمية)یەی بۆ بکرێت بەپێی ڕێنماییەکان .

٦- لاری نەبوونی گواستنەوەی هەردوو زانکۆ بەدەست بێنێت.

د: گواستنەوەی خوێندنی قوتابیان/خوێندکارانی دەرەوەی وولات بۆ زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم:

١- گواستنەوە لەسەرووی قۆناغی یەکەم دەبێت .

٢- هەمان مەرج و ڕێنماییەکانی وەرگرتنی قوتابیان/خوێندکارانی هەرێمی لەسەر جێبەجێ دەکرێت لە ڕووی کۆنمرە،جگە لەو (٢١) نمرەیەی کە دەبەخشرێت بۆ قوتابیان/خوێندکارانی هەرێم کە دەرچووی ساڵی یەکەمن و خولی یەکەم، لەگەڵ ئەو (٧) نمرەیەی کە دەدرێت بە دەرچووانی ساڵی یەکەم و خولی دووەم .

٣- پێویستە ئەو زانکۆیەی کە قوتابی /خوێندکار لێی دەخوێنێ باوەڕپێکراو بێت و ناوی لە لیستی زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی ڕێکخراوی یونسکۆ هەبێت.

٤- پێویستە کۆنمرەی هاوتا بێت لەگەڵ ئەو کۆنمرەیەی کە قوتابیانی هەرێم پێی وەرگیراون لە ساڵی وەرگرتنی ئەگەر دەرچووی ئامادەییەکانی هەرێم و عێراق نەبێت.

٥- پێوانەی زانستی بۆ بکرێت بە پێی ڕێنماییەکان .

٦- لارینەبوونی گواستنەوەی هەردوو زانکۆ بەدەست بێنێت، لارینەبوونەکە و نمرەکانی کۆرسەکان لە باڵوێزخانەی عێراق و وەزارەتی دەرەوەی ئەو وولاتەی کە لێی دەخوێنێت پەسەند کرابێت .

٧- بۆ هەموو بڕگەکانی گواستنەوە لەناوەوە و دەرەوەی عێراق و هەرێم پێویستە ڕەچاوی ڕێنماییەکانی (المقاصه والتحميل) بکرێت کە لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێت.

ه: سیستەمی میوانداری:

سیستەمی میوانداری (استضافه) لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان و پاڵپشت بە ڕێنمایی سیستەمی میوانداری لە زانکۆ حکومیەکان کە بە نوسراوی ژمارە (٥/ ٢٦٠١) لە (٢٠٠٨/٢/١١) گشتاندنی پێکراوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- پێویستە ئەو قوتابی / خوێندکارەی داواکاری میوانداری پێشکەش دەکات بۆ درێژەدان بە خوێندن لە زانکۆ تایبەتیەکانی هەرێمی کوردستان لە زانکۆیەکی باوەر پێکراوی ناوەڕاست و باشووری عێراق بێت کە لە هەرێمی کوردستان ئیمتیاز بە دەرچووانیان دەدرێت.
٢- پێویستە ئەو قوتابی / خوێندکارەی داواکاری میوانداری پێشکەش دەکات لاری نەبوونی زانکۆی ڕەسەنی خۆی و زانکۆی میوانداری هەبێت.
٣- پێویستە ئەو قوتابی / خوێندکارەی داواکاری میوانداری پێشکەش دەکات لەو زانکۆ تایبەتە بخوێنێت کە هەمان بەشی پسپۆری و قۆناغی خوێندنی هەیە.
٤- پێویستە ساڵانە میوانداری کردنی قوتابی / خوێندکاران لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان نوێ بکرێتەوە.
٥- لە ماوەی میوانداری کردن لە زانکۆ تایبەتەکان ، پێویستە قوتابی / خوێندکار پابەندی ڕێنمایی و سیستەمی خوێندنی زانکۆی میواندار بێت.
٦- دوای تەواوبوونی ماوەی خوێندن، پێویستە زانکۆ میواندار بەشێوەی نهێنی نمرەکانی ڕەوانەی زانکۆی ڕەسەن قوتابی / خوێندکارەکە بکاتەوە.

**دوانزەهەم: میکانیزمی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکان**

أ- پلانی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکان

| ژ | بۆ وەرگرتن لە | پلانی وەرگرتن |
|---|---|---|
| ١ | بەشی پزیشکی ددان | ٥٠ |
| ٢ | بەشی دەرمانسازی | ٥٠ |
| ٣ | بەشی پەرستاری | ٦٠ |
| ٤ | بەشی ئەندازیاری تەلارسازی | ٥٠ |
| ٥ | کۆمەڵەی بەشە ئەندازەییەکان جگە لە تەلارسازی | ٧٥ |
| ٦ | کۆمەڵەی بەشە زانستییەکان | ٨٠ |
| ٧ | بەشی یاسا | ١٠٠ |
| ٨ | کۆمەڵەی بەشەکانی ڕامیاری و پەیوەندییەکان | ١٢٠ |
| ٩ | کۆمەڵەی بەشە زمانەوانییەکان | ٩٠ |
| ١٠ | کۆمەڵەی بەشە پەروەردەیی | ١٢٠ |
| ١١ | کۆمەڵەی بەشە هونەرییەکان | ٩٠ |
| ١٢ | کۆمەڵەی بەشە ئایینیەکان | ١٠٠ |
| ١٣ | کۆمەڵەی بەشە کارگێریی و ئابوورییەکان | ١٢٠ |
| ١٤ | کۆمەڵەی بەشە کارگێرییەکانی پەیمانگە | ١٥٠ |
| ١٥ | کۆمەڵەی بەشە تەکنییەکانی پەیمانگە | ١٠٠ |
| ١٦ | کۆمەڵەی بەشە پزیشکییەکانی پەیمانگە | ١٠٠ |
| ١٧ | گشت بەشەکانی دیکەی پەیمانگە جگە لە پسپۆریەکانی سەرەوە | ١٠٠ |

**تێبینی:** مەرج نییە گشت زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان تەواوی ڕێژەی پلانی وەرگرتنیان پێبدرێت، بەڵکو دەکەوێتە سەر ڕێژەی پابەندبوونیان بە بنەماکانی دڵنیایی جۆری و ئامادەیی ستافی وانەبێژی و تاقیگەو ژینگەی زانکۆ و پەیمانگە و پێداویستەکانی.

ب- ڕێژەی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکان

| ژ | هەڵگرانی بڕوانامە | ڕێژەی وەرگرتن لە کۆی پلانی وەرگرتن | ئەم ساڵ | ساڵانی پێشوو |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دەرچووانی ئامادەیی | %٨٠ | %٩٠ | %١٠ |
| ٢ | دەرچووانی لقە پیشەییەکان | %٥ | %٩٠ | %١٠ |
| ٣ | دەرچووانی پەیمانگەی پێنج ساڵەی سەر بە وەزارەتی پەروەردە | %٥ | %٩٠ | %١٠ |
| ٤ | دەرچووانی پەیمانگەی تەکنیکی دوو ساڵە | %١٠ | %٩٠ | %١٠ |

**تێبینی:**

١- ئەو بەشانەی تەنها دەرچووانی ئامادەیی تێدا وەردەگیرێت ئەوا کۆی پلانی وەرگرتن دابەش دەکرێت بە ڕێژەی (%٩٠) بۆ دەرچووانی ئەمساڵ و (%١٠) بۆ دەرچووانی ساڵانی پێشوو.

٢- ئەگەر لەو بەشانەی کە ڕێژەی وەرگرتنی لقە پیشەیی و پەیمانگە پێنج ساڵی و پەیمانگە تەکنییکەکان پڕنابێتەوە، ئەوا بە دەرچووانی ئامادەیی پڕ دەکرێتەوە. وە بەپێچەوانەوە ئەگەر ڕێژەی وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەیی پڕنەبۆوە ئەوا دەکرێت بە دەرچووانی لقە پیشەیی و پەیمانگە پێنج ساڵی و پەیمانگە تەکنییکەکان پڕبکرێتەوە بە مەرجێک گشت ڕێنماییەکانی وەرگرتنیان لەسەر بەرجەستەبێت.

**سێزدەهەم: وانە هاوپەیوەندیدارەکان:**

ئەگەر هاتوو ژمارەی ئەو قوتابیانەی/خوێندکارانەی، کە کەمترین کۆنمرەکانیان یەکسانە، زیاتر بوو لەو ژمارەیەی بڕیارە وەربگیرێن لە بەشێکی دیاریکراودابەپێی پلانی وەرگرتن، ئەوا ناوەکان بەپێی وانە هاوپەیوەندیدارەکان دەچنە خانەی پێشبڕکێوە، هەروەکو لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

| بەش | وانە هاوپەیوەندیدارەکان |
|---|---|
| پزیشکی ددان | کیمیا / فیزیا / زیندەوەرزانی |
| بەشە ئەندازیارییەکان | کیمیا / فیزیا / بیرکاری/ زیندەوەرزانی |
| بەشە زانستییەکانی هەردوو کۆلێژی زانست و پەروەردە | کیمیا / زیندەوەرزانی / فیزیا / بیرکاری |
| هەموو بەشەکانی دیکە | بەپێی پسپۆری |

**چواردەهەم: قوتابی/خوێندكاری خاوەن پێداویستی تایبەت**

أ. قوتابی/خوێندكاری نابینا كە مەرجەكانی وەرگرتنی هەبێت بۆی هەیە داواكاری وەرگرتن ڕاستەوخۆ پێشكەش بكات بە زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان بۆ وەرگرتن لەیەكێك لە كۆلێژە مرۆڤایەتییەكان.

ب. قوتابی/خوێندكاری خاوەن پێداویستی تایبەت ئەگەر لە بەشێک وەرگیرا و جەستەی شیاو نەبوو بۆ ئەو جۆرە خوێندنە، ئەوا زانكۆ یان پەیمانگە تایبەتەكان دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی تایبەت و لەبەرچاوگرتنی ئارەزووی قوتابی/خوێندكارەكە بۆی هەیە بیگوازێتەوە بۆ خوێندنێكی شیاوتر بە مەرجێک كۆنمرەكەی لەو بەشەدا وەرگیرابێت .

ج. ڕەچاوی شوێنی خوێندن و هۆڵ وتاقیگە بۆ خاوەن پێداویستەكان بكرێت .

**پانزەهەم: پەیوەندیكردن و ناڕەزایی**

١- ئەو قوتابی/خوێندكارەی ناوی لە هەر زانكۆیەک یان پەیمانگەیەک دەردەچێت پێویستە لە ماوەی (٣) ڕۆژ پاش ڕاگەیاندنی ناوی وەرگیراوان پەیوەندی بە شوێنەكەی خۆی بكات، بە پێچەوانەوە هەڵوەشاندنەوەی پاڵاوتنی بۆ دەكرێت.

٢- هەر قوتابی/خوێندكارێك بەپێی ڕیزبەندی هەڵبژاردنەكانی خۆی بەپێی ڕێنماییەكانی وەرگرتن لەو بەشەی وەردەگیرێت ئەوا بەهیچ شێوەیەک مافی ناڕەزایی نابێت و خۆی بەرپرسیار دەبێت لە هەڵەی پڕكردنەوە.

٣- لەكاتی بوونی هەر كێشە و حاڵەتی سكاڵای قوتابیان/خوێندكاران، پێویستە زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان بەدواداچوونی تەواو ئەنجام بدات پێش ئەوەی بۆ وەزارەتمان بەرزبكاتەوە.

**شانزەهەم: پابەندبوون بە ڕێنماییەكانی ئەزموون و ڕێكاری قوتابییان/خوێندكاران**

١- قوتابیان/خوێندكاران دەبێت پابەندبن بەدەوام بەپێی ڕێنماییەكانی ئەزمونەكان و ڕێكاری قوتابییان/خوێندكاران كە بەنوسراومان ژمارە (٢٢١٣٠/٥) لە ٢٠٠٩/١٢/١٤ گشتاندنی بۆ كراوە بۆ هەموو زانكۆ و حكومی و تایبەتەكان، بۆ دڵنیابوون لە دەوام و تاقیكردنەوەكان لە لایەن تیمی پشكنینی تایبەت بە دواداچوون دەكرێت.

٢- پێویستە قوتابی/خوێندكار دوای وەرگرتنی كۆتایی لە زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان پابەندی دەوام بێت و خۆی تەرخان بكات بۆ خوێندن و بەپێی خشتەی وانەكان لە هۆڵەكانی خوێندن ئامادەبێت.

٣- قوتابی/ خوێندكار ئەگەر ئامادەنەبوونی لە بابەتێک ڕێژەی (١٠%) تێپەراند دەتوانرێت تەنها لەو بابەتە بەكەوتوو ئەژمار بكرێت بەبێ بیانووی ڕێپێدراو (عذر مشروع) .

٤- ئەگەر قوتابی/خوێندکار ڕێژەی ئامادەنەبوونی لەکاتی بوونی بیانووی ڕێپێدراو (عذر مشروع) کە بریتیە لە (کۆچی دوای کەسانی نزیک وەکو دایک و باوک و خوشک و برا و هاوسەر و منداڵ یان نەخۆشی کە دەبێت بە ڕاپۆرتی پزیشکی بسەلمێندرێت) لە (١٥%) تێپەڕی ئەوا پێویستە لەلایەن زانکۆوە دابڕاندنی لە خوێندن بۆ بکرێت.

٥- دەرفەت بدرێت بەو قوتابی/خوێندکارانەی کە لە کاتی خوێندن بەهۆی کارەساتێك بەند دەکرێت بە پێی یاسای سزادانی عێراقی بەمەرجێك ئەم قوتابیە ڕێژەی (١٥%) ئامادەنەبووی تێنەپەڕاندبێت لە کاتی دەستگیرکردنیدا.

**حەڤدەهەم: پەرینەوە (عبور)**

١- وانەی پەرینەوە یەك وانەی ساڵانە و دوو وانەی وەرزی دەبێت.

٢- دوو وانەی وەرزی ئەگەر هەردوو وانەکە لەیەك وەرزبن و یان هەر وانەیەك لە وەرزێك بێت پەڕینەوە دەیگرێتەوە.

٣- قوتابی / خوێندکار بۆی هەیە تەنها یەك وانەی پەرینەوەی هەبێت تابچێتە قۆناغی سەروتر لە سیستەمی ساڵانە بۆ ساڵی دواتر نابێت قوتابی / خوێندکار لە یەك وانە زیاتر پەرینەوە بیگرێتەوە.

٤- قوتابی / خوێندکار بۆی هەیە تەنها دوو وانەی پەرینەوەی هەبێت تابچێتە قۆناغی سەروتر لە سیستەمی وەرزی بۆ ساڵی دواتر نابێت قوتابی / خوێندکار لە دووانە زیاتر پەرینەوە بیگرێتەوە.

**هەژدەهەم: خۆتەرخانکردن بۆ خوێندن**

ئەو قوتابی / خوێندکارانەی لە خوێندنی بەیانیان وەردەگیرێن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان پێویستە بە تەواوی خۆیان بۆ خوێندن تەرخان بکەن و پابەندی دەوام بن ، ئەگەر قوتابی/ خوێندکاری وەرگیراو لە دەوامی وەرگیراوی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان پێشتر دامەزرابوون بەهەر بڕوانامەیەك کە پیشتر بە دەستی هێنابێت ، خۆی بەرپرسیار دەبێت لە وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن و پابەندبوون بە دەوام.

**نۆزدەهەم: قوتابی /خوێندکار** دوای گەڕانەوەی لە تەرقین قەید لەم حالەتانەدا دووبارە تەرقین قەید دەکرێتەوە.

١- ئەگەر لە هەمان قوناغ لە ساڵی گەرانەوەی دەرنەچوو.

٢- ئەگەر لە قۆناغەکانی تر دا دوو ساڵ لەسەر یەکتر دەرنەچوو.

**بیستەهەم:** لە رۆژی دەرچوونی ئەم رێنماییە کار بە هیچ رێنماییەکی تری وەرگرتنی پێشووتر ناکرێت

**د. ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ١٦٦٧٤ لە ٢٠١٩/١٠/٨**

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٩**

**هەمواری سێیەمی ڕێنمایی مۆڵەتی هە ڵگرتن و هەبوونی چەک**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە یاسای چەک لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٩٣ و دوابەدوای ڕێنماییمان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٥ کە لە ژمارە (١٨٣) ڕۆژی ٢٠١٥/٢/٢٤ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوەو هەردوو بەیانمان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٨ کە لە ژمارە (٢٢٠) ڕۆژی ٢٠١٨/١/٢٤ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە و ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١٨ کە لەژمارە (٢٣٢) ڕۆژی ٢٠١٩/١/٢٤ ڕۆژنامە ی وە قایعی کوردستان بڵاو کراوەتەوە و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:-

**یەکەم :-** هەموارکردنی ماددەی هە شتەم لە ڕێنمایی سە رەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**زیاد کردنی بڕگە (٥) لە ماددەو ڕێنمایی سەرەوە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :**

٥- پێبژاردنی خاوەنی ناسنامەی هە لگرتن و هەبوونی چەک بە بڕی تەنیا (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار لە بەرامبەر و نکردنی ناسنامەی هەبوون و هەڵگرتنی چەک و پاش هێنانی نووسراوی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی و نبووەکان و ئەم بڕە پارەیە دەخرێتە سەر ژمێرەی بانکی تایبەت بەداهاتی چەک.

**دووەم :** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامە ی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٥) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە(٦) ی ساڵی ٢٠١٠ بڕیارماندابە :-

- درێژکردنەوەی بڕیاری ژمارە(٦١١) ی تایبەت بە ڕاست کردنەوەی هەڵەکانی تەسویە بۆ ماوەی (١)یەک ساڵ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە:-

**بەیانی ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی (بەشی ئوتێلەوانی و خزمەتگوزاری نەخۆش) لە بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری چارەسەری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەت.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٢.

**بەیانی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی (سەنتەری پەرەپێدانی پیشەیی بەردەوام) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٨.

**بەیانی ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی (سەنتەری ليناك بۆ چارەسەری شێرپەنجە بە تیش (LINAC Radiotherapy) سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٩.

**بەیانی ژمارە (٣٢)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی (سەنتەری پزیشکی لایف بۆ چارەسەری سروشتی) لە شاری دهۆك بە مەرجێك پابەند بن بە گشت ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەیی وەسەندیکای پزیشکانی کوردستان.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٨.

**بەیانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، وە پشت بەنوسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان (٦٣٩) لە ٢٠١٩/٧/٢٨بڕیارماندا بە:-

١- دانانی هەردوو ماددەی (ephedrine) (Pseudoephedrine) وەک ماددەیەکی کۆنترۆلکراو لە لیستی دەرمانی کۆنترۆلکراودا ٠

٢- قە دە غە کردنی هاوردەکردنی هەر دوو ماددەی (Pseudoephedrine) و (ephedrine) و هاوردەکردنی هە ردوو ماددەی (Pseudoephedrine) و(ephedrine) تەنها دەبێت دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی پێشوەختەی وەزارەتی تەندروستی هە رێمی کوردستان و بە مەرجێك هۆکاری هاوردەکردن و پێویستی ڕاستەقینەی ئەو دوو ماددەیە لە مۆلەتی هاوردەکردن کە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستانەوە دەدرێت روونبکرێتەوە .

٣- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیـــری تەندروستی**

**رئاسه مجلس الوزراء**

**رقم: ٧٣٤١ في ٢٠١٩/١٠/٨**

إستناداً إلى أحكام المادة (الستون) من قانون ضريبة الدخل رقم (١١٣) لسنة ١٩٨٢ المعدل, والفقرة (٣) من المادة (الثامنة) من قانون مجلس وزراء إقليم كوردستان-العراق رقم (٣) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، وبناءاً على إقتراح وزارة المالية والإقتصاد، وإستناداً الى قرار مجلس الوزراء المرقم (٢٢) في إجتماعه الإعتيادي رقم (٦) في ١١ أيلول ٢٠١٩، صدر النظام الآتي:

## نظام رقم (١) لسنة ٢٠١٩
## نظام التعديل الأول لنظام مسك الدفاتر التجارية لأغراض ضريبة الدخل رقم (٢) لسنة ١٩٨٥ في إقليم كوردستان – العراق

**المادة (١):**

يلغى نص الفقرة (أولاً) من المادة (٢) من نظام مسك الدفاتر التجارية لأغراض ضريبة الدخل رقم (٢) لسنة ١٩٨٥، ويحل محله ما يأتي:

**أولا:** يلزم المكلفون بتقديم حساباتهم إلى السلطة المالية باللغة العربية أو الكوردية.

**ثانيا:** للسلطة المالية أن تلزم المكلف بتقديم أية دفاتر أو مستندات بلغة أجنبية ومترجمة إلى اللغة العربية أو الكوردية، على أن تكون الترجمة من جهة مجازة ومعترف بها قانوناً.

**المادة (٢):**

**أولا:** تلغى نصوص الفقرات الفرعية (أ) و (ب) و (ج) و (د) و (هـ) من الفقرة (أولاً) من المادة (٧) من النظام، ويحل محلها ما يأتي:

أ. الشركات المنصوص عليها في المادة (٦) من قانون الشركات رقم (٢١) لسنة ١٩٩٧ المعدل التي لاتقل رؤوس أموالها عن (٥.٠٠٠.٠٠٠) خمسة ملايين دينار.

ب. فروع ومكاتب الشركات والمؤسسات الإقتصادية الأجنبية المنصوص عليها في المادة (٢١١) من قانون الشركات.

ج. الشركة البسيطة المنصوص عليها في المادة (١٨١) من قانون الشركات والمشاركات الأخرى أيا كان نوعها إذا كان رأسمال كل منها (٥.٠٠٠.٠٠٠) خمسة ملايين دينار فأكثر.

د. الأشخاص المسجلون في الغرف التجارية والصناعية، وكالآتي:

١- التجار من الصنفين الأول والثاني.

٢-الصناعيون ممن لاتقل كلفة مشاريعهم الصناعية عن (٦.٠٠٠.٠٠٠) ستة ملايين دينار.

هـ. المستورد الذي لاتقل إستيراداته عن (١٥٠.٠٠٠.٠٠٠) مائة وخمسين مليون دينار خلال السنة، والمصدر الذي لاتقل قيمة صادراته عن (١٥٠.٠٠٠.٠٠٠) مائة وخمسين مليون دينار خلال السنة.

**ثانيا:** تلغى نصوص الفقرات الفرعية (أ) و (ب) و (ج) و (د) و (هـ) و (ح) من الفقرة (ثانياً) من المادة (٧) من النظام ، ويحل محلها ما يأتي:

أ. الشركة البسيطة المنصوص عليها في المادة (١٨١) في قانون الشركات وكذلك المشاركات الأخرى أيا كان نوعها إذا كان رأسمالها أقل من (٥.٠٠٠.٠٠٠) خمسة ملايين دينار.

ب. الأشخاص المسجلون في الغرف التجارية والصناعية من الصنف الثالث والأصناف التي تليه الذين يقل رأسمالهم عن (٦.٠٠٠.٠٠٠) ستة ملايين دينار.

ج. الصناعيون الذين تكون كلفة مشاريعهم الصناعية أقل من (٦.٠٠٠.٠٠٠) ستة ملايين دينار.

د. المستوردون الذين تقل إستيراداتهم عن (١٥٠.٠٠٠.٠٠٠) مائة وخمسين مليون دينار في السنة، والمصدرون الذين تقل قيمة صادراتهم عن (١٥٠.٠٠٠.٠٠٠) مائة وخمسين مليون دينار خلال السنة.

هـ. المقاول أو المتعهد غير المصنف من وزارة التخطيط إذا زاد مجموع مبالغ المقاولات والتعهدات المحالة عليه على (١٥٠.٠٠٠.٠٠٠) مائة وخمسين مليون دينار.

ح. وكلاء القطاع العام الذين تبلغ مشترياتهم (١٥٠.٠٠٠.٠٠٠) مائة وخمسين مليون دينار فأكثر في السنة، سواء كانت هذه المشتريات من القطاع العام أم المختلط أم الخاص.

ل. الشركات المنصوص عليها في المادة (٦) من قانون الشركات رقم (٢١) لسنة ١٩٩٧ المعدل والنافذ في الإقليم التي تقل رؤوس أموالها عن (٥.٠٠٠.٠٠٠) خمسة ملايين دينار.

م. الشركات المذكورة في الفقرة (أ) من المادة (٢) أعلاه والتي ليس لها إيراد خلال السنة.

**المادة (٣):**

لوزير المالية والإقتصاد إصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ هذا النظام.

**المادة (٤):**

يعمل بهذا النظام إعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسرور بارزانـي**
**رئيـس مجلـس الـوزراء**

**الأسباب الموجبة**

لمنع التهرب الضريبي وإعادة تنظيم ميزانية الشركات، ومن أجل إرساء العدالة والتوازن في العمل التجاري، أصدر هذا النظام.